جەلادو وێنەکانی تری

سەرنجێک لەسەر ئەو رۆحەی مرۆڤبوونمان دەخاتە مەترسییەوە

■ دیار عەزیز شەریف

ئەو کاتەی جەلاد شوناسی تاکەکەسی تێپەڕدەکاتو لە بەرگی کەسێکو قالبێکی دیاریکراو لە ڕەفتارکردن دێتە دەرەوەو دەگۆڕێتە سەر رۆحیەتێک، لە زەمینەیەک جەلاد دەبێتە رۆح ئا لەو چرکە ساتە بەدواوە هەڕەشەکردنو سوکایەتپێکردن بە مرۆڤ شتێکی زۆر چاوەڕوانکراو دەبێت، لە کولتوورێکی ئاوا داگیرکراو بە رۆحیەتی جەلادێتی، هەموو پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی نێوان مرۆڤو مرۆڤێکی تر لە ناوەوەڕا لەسەر بنچینەی کۆمەڵێک ترسو نیگەرانیو تۆقاندنو شکاندنەوەو بەکەمگرتنی بەرامبەرو خۆخواردنەوەی ئەویتر وەستاوە.....ئەو رۆحیەتە شەڕانگێزە یەکەم ئامانجو دەرەنجامی سەرەکیشی بریتی دەبێت لە وێرانکردنی ویستو خەونەکانی مرۆڤ بۆیە چەندی رۆحیەتی جەلاد ئامادە بێت ئەوەندەش ئیرادەو ویستی ئینسانی لاوازتر دەبێت، لەبەرئەوە سەیر نییە گەر لە قۆناغو سەردەمێکدا بژین کە ئێمەی کورد لەسەر هەردوو ئاستی کۆمەڵگاو نەتەوە نەتوانین بچووکترین بەرەنگاربوونەوەو دەنگی ناڕەزاییو ڕەخنەی جددیمان بۆ کۆی ئاراستە نێگەتیڤەکانی دابو نەریتە کۆمەڵایەتییەکانو دەسەڵاتی سیاسی هەبێت. لەوەش زیاتر لە کۆمەڵگایەکی ئەکتیڤەوە تەواو بۆ سەر کۆمەڵگایەکی پاسیڤ بگۆڕێین.

ئایا جەلاد تەنیا ئەو پیاوە نەناسراوو دزێوەیە کە لە دووری ئێمەو لە پشت شیشە ئاسنینەکانی زیندانی دیکتاتۆرەکانەوە بڕیار لەسەر ژیانو مەرگی مرۆڤە دیلەکان دەدات، یان ئەوەتا وا لە ناوماندایە؟ ئایا لە زەمینێکی لێوان لێو لە دەسەڵاتی عەشایەریو تۆتالیتاریەتی سیاسی، جەلاد بەتەنیا لەناو ماڵی زیندانداو لێی پاڵدەداتەوە تا چاوەڕێی نێچیرەکانی بکات؟ ئەگەر لە سەرەتاوە شوێنی جەلاد تەنیا ناو زیندان بێت، ئەی چ سیستمو عەقڵیەتێک وا دەکات ئەو پیاوە دەست ڕەشە بێتە دەرەوە، واتە لە چ زەمینو کولتوورێکدا ئیدی جەلاد دەبێتە کائینێکی سوپەر شوێن....؟ کاراکتەرێکی دەمامکدار بە چەندین بەهاو ئەخلاقی قەومیو عەشایەریو ئایدیۆلۆژی...!

دەبێ پێش هەر شت ئێمە ئەو ڕاستییە بزانین کە ئێمە بەهەردوو ڕووە کۆمەڵایەتیو سیاسیەکەیدا کوڕی ئەو جەهەنەمەین کە بە "کوردستانی عێراق" ناسراوە، جەهەنەم بە هەموو ڕەهەندە ئینسانیو دیموکراسیو ئازادییەکانییەوە.. چوون لە دوای زیاتر لە سی ساڵ لە دیکتاتۆرییەتی بەعس کە کارگەیەکی زۆر ئەکتیڤی بەرهەمهێنانی ئەو کاراکتەرە ترسناکە بوو کە جێی لێوردبوونەوەی ئەو نووسینەمانە ئەویش "جەلاد"ە، کاراکتەرێکی زۆر ئەکتیڤی نێو واقیعی ژیانی کۆمەڵگای عێراقی لەو چەند ساڵەی ڕابردووی ئەزموونی بەعسییەکان، بێگومان بەهۆی بوونی پرسی نەتەوەیی کوردیشەوە دەسەڵاتی بەعس بە جۆرەها شێوە پەرەی بەو ڕۆحە جەلادگەرێتییە لە کوردستاندا دەدا. بەکورتی لە نێو ئەزموونی بەعسدا جەلاد تەنیا لەو پیاوانە کورت نابێتەوە کە وەزیفەیان ئەشکەنجەدانی مرۆڤە بەشێوەیەکی نهێنی، بەڵکو لەو زەمینە سیاسیەدا جەلاد لە دەرەوەی زیندان ئامادەییەکی قورسو سامناکی هەیە، لە ئەزموونی بەعسدا بەشێوەیەک خەیاڵی جەلادگەرێتی ئیشی لەسەر کرا کە گەیشتە ئاستێک ئیدی کۆمەڵگا بەتەواوی بووە زیندانێکی گەورە بۆ خۆیو کۆی پیاوەکانی بەعس لەسەر ئاستی جیاواز جیاوازو لە نەتەوەی جیاواز جیاوازو لە وەزیفەو پێگەی ئیداریو سەربازیو مەدەنی جیا جیادا. بە جۆرێک لە جۆرەکان بوونە جەلادێک بۆ خۆیان، جەلادێکی وا کە تەنیا وردەکارییەکانی نێو مێژووی ئەو چەند ساڵەی ئەزموونی بەعسییەکان شایەدی گەورەییو خەتەرناکی ئەو ڕۆحە بەربەریەن... ڕاستیەکەی قسەی ئێمە لێرەدا لەسەر وێنەکانی تری جەلادە لەم وڵاتەدا، بەڵام ناسینی ئەو جۆرە جەلادە هەمیشە پێویست بەوە دەکا بگەڕێینەوە سەر چاوگەکانی دروستبوونی ئەو جەلادە، بێگومان یەک لە چاوگە هەرە سەرەکییەکانی دروستبوونی ئەو جۆرە نادیارەی جەلادییش، کولتوورو دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژی بەعس خۆیەتی، ئەگینا مەبەستی سەرەکی ئێمە وەک ئاماژەمان پێدا قسەکردنە لەسەر ئەو کائینە مەترسیدارەی کە لە دەرەوەی زیندانەکان لەناو کۆمەڵگادا لە هەموو شوێنەکان ئەگەری ئامادەبوونێکی تراژیدی لێدەکرێت، یان بەمانایەکی تر دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ڕاستە بەعس خۆی وەک دەسەڵاتو سیستم ڕۆیشت، بەڵام ئەوەی کە لە قووڵایی ژیانی ئەم کۆمەڵگاو دەقەرە دەمێنێتەوە تەنیا مێژووی بەعس نییە کە بەنیسبەت ئێمە لە برینەکانی ئەنفالو هەڵەبجەو دەیان ڕووداوی تر بەرجەستە دەبێ، بەڵکو ئەو کولتوورەیە کە بەدوای خۆیدا جێیهێشتووە، دیارە لەناو میراتی ئەو کولتوورەش خەیاڵی جەلادگەرێتیو شێوەکانی تراژیدیترینی ئەو جۆرە میراتەی دوژمنەکەمانە کە لەو پانزە ساڵەی ڕابردوو بەشێوەیەکی بەرچاو لەنێو ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسی کوردیدا ئامادەییەکی کوشندەی هەبووە... بێگومان ئەو باسە نە تیۆرەو نە گریمانەشە نە قسەی هەڵبەستراوە، بەڵکو ئەو باسە لە دوای دەیان هەزار چیرۆکی ئیهانەکردنو شکاندنەوەو تەنانەت لەناوبردنی ئینسانیش لەم وڵاتەدا هاتووە، کێ هەیە لە ئێمە لەو چەند ساڵە بەجۆرێک لە جۆرەکان دووچاری شێوەیەک لە شێوەکانی ئیهانەکردن نەبووبێتەوە بەدەست پیاوەکانی دەسەڵاتی حیزبی کوردی؟! یان کێ هەیە لە ئێمە چیرۆکی ئەو ئیهانەو سوکایەتپێکردنانەی نەبیستیبێت کە بەڕپرسێک یان پاسەوانەکانی لەسەر شتێکی بچووک سووکایەتییان بە کەسێک کرد؟ یان لەسەر پێکدادانی ئوتومبێل لە فلان کەسیان دا، یان هەر کوشتیان؟! یان کەم نین ژمارەی ئەو پۆلیسانەی هاتووچۆ کە بەدەست پیاوەکانی حیزبەوە لەسەر شەقامەکان لەسەر داواکردنی مۆڵەتی لێخوڕین سووکایەتییان پێکراوەو دراونەتە بەر گوللە؟! ئەدی چ لەو ئەرشیڤە دەوڵەمەندەی سوکایەتپێکردنی ئینسانەکان دەکەن کە لەو چەند ساڵەی ڕابردوو لە بازگەو سەیتەرەکاندا تۆماریان کردووە، ئایا ئەو پاڵەوانێتیانەی پیاوەکانی حیزب دەچێتە چ قاڵبێکەوە، جەلادگەرێتی نەبێت؟!

لە ڕاستیدا ئەم مۆدێلەی جەلاد کە بەعس دایهێناو لە ئەزموونی دەسەڵاتی کوردیشدا درێژکرایەوەو بە ڕووی کۆمەڵگایەکی شەتەکو ترسێنراودا تۆختەرکرایەوە، ئەوا بوونی چەندین جار لەو جەلادەی نێو زیندان مەترسیدارترە بۆ سەر ژیانی کۆمەڵگا بەگشتیو ئینسان بەتایبەتی، تەنانەت بۆ نەوەکانی داهاتووش ئەو تارماییە کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی خۆی هەر دەگوازێتەوە، جەلادی تەقلیدی، واتە پیاوە دڕندەکەی نێو زیندان ئەوە خۆیشی بە دیوێکی تر دیلی زیندانو وەزیفە ناشیرینەکەیەتی، بەڵام ئەوەی دەرەوە دەستی تەواو کراوەیە لە بەرامبەر ئازاردانو لەناوبردنی ژیانی ئینسانەکان بەجۆرەها شێوە، واتە کەسێکە هەموو لە حزەکانمان لێدەکات بە مەرگ، هێزێکە تەلبەندێکی نادیار بەدەوری کۆمەڵگادا دادەکوتێ، کەسێکە ئێمە تا زۆر لێی نزیک نەبینەوە نازانین چ وەحشیەتێک لەناو ڕۆحیدا خۆی مەڵاس داوە، بۆنی چ مەرگێکی لێدێتو چۆن چۆنی ژیان بە مەرگ بارگاوی دەکات، سەبارەت بە جەلادەکەی ژوورە تاریکەکان ئەوا پیاوێکە لەمە زیاتر لەو دۆخە دەترسێت کە خۆیو کەسانی هاوشێوەی ئەو دروستیان کردووە، بۆیە زۆربەی کات لە کاتی ئەشکەنجەدانی ئینسان دەمو چاوی خۆی تەواو دەشارێتەوەو دەمامکی خۆی دەدات، واتە کەسێکە دەیەوێت نەیناسین، چونکە لە پێشدا هەموومان دەزانین ئەو جەلادە..جەلاد. کەچی جەلادەکەی دەرەوە ئەوەی لە بەرگە جوانەکانو ناوبێ بریقەدارەکان خۆی لێمان دەکاتە فریشتەو پارێزەری ئاسایشو ئارامی هاوڵاتیان ئەوا لە ساتی ئازاردانمان ـ بەهۆی ئەو دەسەڵاتە ڕەهایەی کە هەیەتی ـ بەهیچ شێوەیەک ڕووخساری خۆی لێمان ناشارێتەوەو زۆر بێ باکانە دەستدرێژی "ڕەمزیو فیزیکی" مان دەکاتە سەر، چوون هەمیشە دەزانێ کە ئەو بەدەسەڵاتو ئێمەش بێ دەسەڵات، ئەو دواجار لەسەر هەقو ئێمەش نانیشتمانیو خەتابارو..تاد، واتە کۆمەڵێک ناوی قێزەون کە لەو چەند ساڵە بەسەرماندا سەپێنرا..!

تراژیدیای ئێمە وەک نەتەوەیەکی ژێردەستە هەر لەو دۆخە چەقبەستووە دوایی نایەت کە وەک نەتەوەو خاک داگیرکراوین، بەڵکو لەوەدایە کە ئێمە دواجار دوای کۆی شۆڕشو ڕاپەڕینەکان دەبینین هەرگیز لە خەیاڵی جەلادگەرێتی دەرنەچووینەو ڕزگارمان نەبووە لە هەیمەنەی ئەو خەیاڵە وێرانکەرەی کە بوونو کەسێتی مرۆڤەکان لە ئاستی هەموو توێژو چینو تەمەنە جیاوازەکان دەخاتە بەردەم مەترسییەکی زۆر گەورەوە، جەلاد هێزی ئەوەی تێدایە بەتەواوی دەستکاری بوونو چارەنووسی هەریەکەمان بکات. جەلاد دوژمنی سەرسەختی ئازادیو هەر جۆرە مومارەسەیەکی ئازادییە، لەبەرئەوە ئەو خۆیشی لە پێشدا کەسێکی دیلە واتە دیلێتی جەلاد ـ بەهەموو وێنەکانییەوە ـ دیلێتیەکە لەناوەوەڕایەو خۆی هەستی پێناکات، بەڵام نائاگایی ئەو مرۆڤەو پەروەردەی کۆمەڵایەتیو ئایدیۆلۆژی ڕێخۆشکەرێکی باشە بۆ ئەوەی هێزی مەرگ لەناو وجودی ئەو کاراکتەرە دەستوەشێنە ببێتەوە، دەزانین کە وزەیەکی لە بن نەهاتووی مەرگدۆستیو شەڕانگێزی لەناو کۆمەڵگای کوردیدا ئامادەگی هەیە، بێگومان ئەو وزەیەش بەدیوە متبووەکەیدا زۆربەمانی داگیرکردووە، جا کەسانێک لەو چەند ساڵەی ڕابردوو چوونە ناو دەسەڵاتو وەرگرتنی پلەو پایەی حزبیو ئیدارییان بەدەرفەت زانی بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەو حەزە نەخۆشەی ناو دەروونیانو لە پەنا پەردەی ململانێی حزبی لە کوردستاندا کۆی ڕقو نەخۆشییە دەروونیو عەقڵییەکانی خۆیان بەسەر هاوڵاتیاندا هەڵڕشت، ئەوەی کارەساتە تا ئێستاش لەم وڵاتە ئەو عەقڵیەتە شەڕانگێزە تێپەڕنەکراوە واتە ئێمە نابێت چیتر بەوە خۆش خەیاڵ بین کە جەلادمان جێهێشتووە نا جەلاد وا لەناو فەزا کۆمەڵایەتییەکان بەردەوام لە تەکماندایە، تارمایی جەلاد ژیانی ئێمە بەشێوەیەکی خەتەرناک ناشیرینو خەماوی دەکات!



سەدام حسێن ئەو جەلادەی کە تا ئێستا کاریگەریی لەنێو ناخی چەند بەرپرسێکدا وجودی هەیە

وەزارەتی ڕۆشنبیریی، پاپۆڕێکی تێکشکاو..

■ ئیسماعیل حەمە ئەمین

لەوەتەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەیە لەم کوردستانە شوێنێک بووە بۆ قسەکردن بەدەنگێکی پڕ لەشەرم، تەنانەت لەکاتی حکومەتی هەرێمی یەکەمیشدا گوناهترین وەزارەت بوو، نەک هەر سەربەستی نەبوو، بەڵکو خاوەنی هیچ پرۆژەیەکی جیدی ئەوتۆ نەبوو کە لەئاست کاری وەزارەتدا بێت لەبەرامبەر ئەوەدا ڕۆژنامەو ڕادیۆو تەلەفزیۆنی حیزبەکان ئەو بوونەیان دەشاردەوە کە ناوی وەزارەتی کولتورە. بەداخەوە تاوەکو ئێستاش ئەو وەزارەتە بەو شەرمنییەی خۆیەوە لەنێوان دوو کابینەکە، بەدوو وەزیرەکەیەوە هەمان مێژووی بێدەنگیو شەرمنی درێژدەکەنەوە ئەمە جگە لەوەی وەزیرەکانیان دووکەسن لەدەرەوەی حیزبی دەسەڵاتداری خاوەن کابینەبوون، ئەوەی سلێمانی حیزبی زەحمەتکێشان بوو ئەوی پارتیش، هەر بەیەکێتیەکی کۆن لەقەڵەمدەدرا.

ئیدی خوێندنەوەیەکی قوڵی ناوێت کە بڵێین: بەلای دەسەڵاتەوە وەزارەتی ڕۆشنبیریی ئەو پاپۆڕەیە پڕ دەکرێت لەکاپیتانی نامۆو خەڵکی نەوازەو خەیاڵاویو شاعیرو چیرۆکنووسی بێئیش، وازی لێدێنین لەوەزارەتەدا بەدەست بەڕێوەبەرە حیزبییەکانەوە کۆنترۆڵ بکرێنو کێشەیان هەبێت لەگەڵ هەموو شتێکدا، تەنها ڕۆشنبیری نەبێت.

کاتێک هەردوو برای ئازیزمان (ئاسۆس هەردیو توانا عوسمان) دادگایی کران، دیسانەوە ئەو پرسیارەم لەخۆم کرد، کوا دوو وەزیرو دوو وەزارەتەکەی ڕۆشنبیریی؟!! کەمالی سەید قادر ئەم هەموو مانگە سوکایەتی پێکراو سی ساڵ حوکمدراو حوکمەکەی بەر لێبوردن کەوت، کەچی وەزارەتی ڕۆشنبیریی فزەی لێوە نەهات!!، ئەوا نووسەرێکەی بەتوانای وەک (عەتا قەرەداغی) لەسەر بیروڕاکانی ڕاپێچی ئەو دادگایە دەکرێت کە کار بەقانوونی (تەشهیری) زەمەنی بەعس دەکات!، کەچی وەزارەتی ڕۆشنبیریی ناڕەزایی شەرمانەی لێوە دەرنایەت!!، ئەم هەموو ڕووداوە گەرمانە کە کرۆکی کێشەی ڕۆشنبیرین لەکوردستان، هەموو کەسێک قسەی لەسەر دەکات تەنها وەزارەتی ڕۆشنبیریی نەبێت.

ئەمە پێویست ناکات باس لەوە بکەین کە دەسەڵاتی کوردی، کە هێشتا لەنێو تەونە جاڵجاڵۆکەییەکانی کولتوری بەعسدا گینگڵدەدا، وەزارەتی ڕۆشنبیریی وەک زوڕنا ژەنێکی سەرکەوتنە وەهمییەکانی خۆیان دەبینێت، ئەرکی وەزارەت بەپێوانەی پڕوپاگەندە بۆکردن دەپێورێتو میدیاش بەهەمان شێوە لەدیدی دەسەڵاتەوە هەمان ئەرکی هەیە، ئەو وەزارەتە وەکو وەزارەتی مافی مرۆڤ وەهایە، نا چالاکو شوێنی خەونو ڕازیکردنی نەیارانەو پلەیەکی بەتاڵە لەدەسەڵاتو بڕیاردان، بەکورتیو بەکوردی ئەوەی بەلای ئەم دەسەڵاتەوە گرنگ نەبێت ڕۆشنبیریی وەزارەتەکانیانە

ئەوەی دەمەوێت بڵێم ئەوەیە کە لەهەموو دنیادا وەزارەتی ڕۆشنبیریی یەکێکە لەو وەزارەتە گرنگانەی جێگەی سەرنجنو پشتگیری کردنن، کاتێک وەزیری ڕۆشنبیریی حکومەتێک دێڕێک دەڵێت سەبارەت بە مەسەلەیەکی زیندوویی کۆمەڵگە، دەبێتە کێشەیەکی ڕاستەقینەو لەئاست کولتوردا هەموو یەکێک دەهەژێت. بەڵام بەداخەوە ئەمە لای ئێمە بەپێچەوانەوەیە، ئەوەی گرنگ نەبێت وەزارەتی ڕۆشنبیریی وەزارەتەکەیەتی، لەبەر ڕای جیاواز وەزیری ڕۆشنبیریی حکومەت سزا درا، زۆر بەئاسانیش تێپەڕ بوو بێئەوەی یەک کادری حیزبی سۆشیال دیموکراتو زەحمەتکێشیش فزەی لێوە بێت، ئاخر وەزیری وەزارەتێکی ڕۆشنبیریی بەلای ئەوانە دەبێت شایەنی شەڕی سیاسی نەبێت.. بەمەرجێک کاتێک وەزیرێکی ڕۆشنبیریی لەسەر بیروڕا نەک سکاندالی مالیو کۆمەڵایەتی سزا دەدرێت، ئەوا دەبووایە ئەو هەموو کادێرە سیاسییانە هەستیان بەو مەترسییە بکردایە کە دیموکراسییەت بەرەنگاری دەبێتەوە، بەڵام دیارو ئاشکرایە کە سیاسەت لای ئێمە فڕی بەکولتورەوە نییە، ئیدی دەبێت ئەوانە چۆن لەو پەیوەندییەی نێوان ڕۆشنبیریی و دیموکراسییەت تێبگەن..

هێشتا سێبەرەکانی (لەتیف نسەیف جاسم)ی کۆنە وەزیری ڕۆشنبیریی حیزبی بەعس بەنێو ڕاڕەوەکانی دەسەڵاتی ئێمەدا دێتو دەچێتو دەسەڵات ناتوانێت خەیاڵی وەزیرێکی ڕۆشنبیریی بکات دوور لەو وێنەیە. ئەمە جگەلەوەی ڕۆشنبیریی باس لەکێشەی دیموکراسییەت بکاتو دژی یاسای (تەشهیر) بەعس ڤیتۆ بداتو لەدژی بەندکردنی نووسەرانو ڕۆژنامەنووسان لەژێر هەر ناوێکدا بێت هەنگاوی جیدی بنێت، ئەو کارانە بەلای دەسەڵاتەوە ئەرکی هەر کەسێک بێت، ئەرکی وەزیری ڕۆشنبیریی وەزارەتەکەی نییە، ئەمە جگەلەوەی ئەرکی وەزارەتیش نییە لەسەر زمانو فەرهەنگی کوردیو مەنهەجی خوێندن قسەبکاتو ڕەخنەگرو هاوکاری وەزارەتی پەروەردە بێت، بەڕای دەسەڵاتی کوردی وەزارەتی ڕۆشنبیریی نابێت پابەند بێت بەزانکۆو هاریکاربێت، وەزارەتی ڕۆشنبیریی دەبێت وەکو ئەو پاپۆڕە وابێت کە لەسەدەی ناوەڕاستی ئەوروپادا پڕیان دەکرد لەشێتو خەیاڵاویو گەڕو قوشمەچییە ڕەخنەگرەکانو شەوو ڕۆژو مانگو ساڵ بۆ دوورخستنەوەیان لەم بەندەر بۆ ئەو بەندەر سەفەریان پێدەکرد، زۆر جار ڕوویدەدا کە شێتێک، یان گرۆییەک لەشارێک دەرکەوتایە، شازادەو میرەکان خێرا کاپیتانی ئەو پاپۆڕەیان نان بڕاو دەکرد، چونکە ئەرکی ئەوە نەیەلێت شێتو لێبوکو قۆشمەچییەکان، بەخەیاڵاتەکانیان پیرۆزی پاشاکانو قەیتولەکانیان لەبەرچاوی ڕەعیەتدا لەکەدار بکەن.. وەزیرەکانی ئێمەش تاوەکو ئێستا ئەو کاپتانە گوناهانە بوون لەلایەک خۆیان پاراستووە لەنەخۆشی (ڕۆشنبیریی) نێو پاپۆڕەکەیانو کۆنترۆڵیان کردوون، لەلایەکی دیکەوە خۆیان لەشەڕی دەسەڵات پاراستووە، چونکە ئەوان هێشتا نامۆکانی نێو دەسەڵاتن...

هیوادارم ئەمجارە، وەزیری ڕۆشنبیریی داهاتووی حکومەتی هەرێمو هەروەها وەزیری کوردی وەزارەتی حکومەتی ئێراقی داهاتوو، پرسی ڕۆشنبیریی لەپرسی دیموکراسی جیانەکەنەوە، دەنا پەیژە کۆنینەکانی پاپۆڕە شکاوەکە بۆ سەرکەوتنی کاپیتانی تازە، تەیارو ئامادەیەو چیرۆکەکەش ئامادەیە خۆی دووبارەبکاتەوە..

نورنبێرگ ١٨. Mai 2006

hamalaw@hotmail.com